# دایبکەنە تەنها لاوازتر دەکات، ئەگەر بمریت وئەمە لە دەستدا بێت؛ ئەوا هەرگیز سەرفراز نابیت

لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەڵقەیەکی مسی لە دەستی پیاوێکدا بینی، فەرمووی: ئەمە چییە؟ پیاوەکە ووتی: بۆ لابردنی نەخۆشی لاوازی لە دەستم کردووە. -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «دایبکەنە تەنها لاوازتر دەکات، ئەگەر بمریت وئەمە لە دەستدا بێت؛ ئەوا هەرگیز سەرفراز نابیت«.

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە]

عیمرانی کوڕی حوصەین -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ڕووداێک دەکات کە دژایەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەردەخات بەرامبەر شیرک وڕزگارکردنی خەڵکی لێی، ڕووداوەکە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پیاوێکی بینی کە ئەڵقەیەکی مسی لە دەستدا بوو، وپرسیاری لێیکرد کە بۆچی لە دەستی کردووە؟ پیاوەکە وەڵامی دایەوە: لە دەستی کردووە بۆ ئەوەی لە ئازار ونەخۆشی بیپارێزێت، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێکرد دەستبەجێ فڕێی بدات، وپێی فەرموو کە ئەم شتە سوودی پێناگەیەنێت بەڵکو تەنها زیانی پێدەگەیەنێت، ونەخۆشی وئازارەکە زیاتر دەکات کە بەهۆیەوە لە دەستت کردووە، ولەمەش گەورەتر ئەگەر بمرێت وئەم ئەڵقەیە لە دەستیدا بێت وئەم بیروباوەڕەی هەبێت سەبارەتی ئەوا لە سەرفرازان نابێت لە ڕۆژی قیامەتدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6362

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee